بوارەکانی

# گرافیک دیزاین



بی گرافیک

بەهەمەن گرافیک

## ناوەڕۆک


پێشەکی ........ 03
ناسنامەی بینراو ........ 04
ڕیکلام/ بازاڕدۆزی ........ 07
ڕوکاری بەکارهێنەر ........ 10
بڵاوکراوەکان ........ 13
پاکەتکردن ........ 16
گرافیکی جوڵاو ........ 19
هونەر و ڕونکردنەوەیی ........ 22
سێ ڕەهەندی ........ 25
ژینگەیی ........ 28

## پێشەکی

گرافیک دیزاین پیشەیەکی فراوانە و چەندین بواری گەورە لەخۆدەگرێت، پێشینان وتویانە: "بەدوای دوو کەروێشکدا ڕابکەیت هیچیانت پێناگیرێت" بەڵام زۆر کەس هەیە بەهۆی ئەوەی لەیەک کاتدا ئامانجی چەندین کەروێشکە ناگاتە ئامانج و لەناو خولگەیەکی نزمدا دەخولێتەوە، دەکرێت حەزە کاتییەکان و تەماح وەها بکات لەیەک کاتدا خەریکی (گرافیک دیزاین، فۆتۆگرافی، پرۆگرامسازی، مۆنتاژ و زۆری تر ببیت) بەڵام ئەوەی فێری دەبیت بەکەڵکی بەکارهێنانی ئاستی بەرز نایەت، لە ئەزمونی خۆمدا لەزۆر بواری (دروستکردنی وێبسایت، دیزاینی دیکۆر، مۆنتاژ ، کارم کردووە, وە هەوڵی فێربوونی ( فۆتۆگرافی، ئەنیمەیشن) م داوە بەڵام دەرئەنجامەکە بەرهەمێکی زۆر کەم بووە کەنەتوانم وەک پیشەیەک تیایدا کاربکەم، بەرهەمی گرافیک دیزاینم ئەوکاتە چنیەوە کە تەرکیزی سەرەکیم خستە سەر و خۆم یەکلاکردەوە، واتە گەر دەتەوێت ببیتە گرافیک دیزاینەرێکی باش پێویستە سەرەتا خۆت بۆ گرافیک دیزاین یەکلاکردبێتەوە، دواتر پێویستت بەوە دەبێت لەنێو بوارە فراوانەکانی گرافیک دیزاینیشدا لەبوارێکی دیاریکراودا خۆت بدۆزیتەوە، بزانیت بۆ کام بوار گونجاویت هەڵسەنگاندنێک بکە ئایا زیاتر حەز و خولیا بۆ کام بوار هەیە و لێی ماندوونابیت، تاوەکو سەرنجی سەرەکیت لەسەری بێت و لەگەڵیدا هەنگاوبنێیت، هەر بوارە و تایبەتمەندی خۆی هەیە پێویستی بە کۆمەڵێک کارامەیی هەیە تاوەکو تێیدا سەرکەوتووبیت. لەم نامیلکەدا ٩ بواری سەرەکی گرافیک دیزاین باسدەکەین:

## ناسنامەی بینراو (Visual Identity)

بەشێوازێکی ورد بریتییە لە لە توخمە بینراوەکانی ناسنامەی نیشانەی بازرگانی کە وەک ڕوخساری نیشانەی بازرگانی کار دەکات بۆ گەیاندنی تایبەتمەندییە هەستپێنەکراوەکان لەڕێگای وێنە، شکڵ، ڕەنگ ...هتد، هەموو ئەو تایبەتمەندییە بینراوانەی هەن دەبنە توخمێکی هەستپێکراو بۆ دیاریکردنی ئەوەی براندەکە چۆن هەستی پێدەکرێت، وەک: لۆگۆ، پاکێج، وێب دیزاین، گرافیکی سۆشیاڵ میدیا، بزنسکارت، جلوبەرگی فەرمی کارمەندەکان ...هتد

ئەگەر براندەکە بەشێوازێکی باش دروستکرابێت و نیازپاک بێت ئەو کاتە دەربڕینی بینراو کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر ناسینەوە و هەستکردنی بینەر بە براندەکە.

## کارامەیی:

پێویستە گرافیک دیزاینەر شارەزاییەکی گشتی لە هەموو جۆرەکانی گرافیک دیزاین هەبێت بە مەبەستی دروستکردنی  توخمی دیزاینی وەها بگونجێت لەگەڵ هەموو هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها پیویستیان بە گەیاندنی نایاب و کارامەیی لە وێناکردن و داهێنان هەیە وە حەزی گەڕان لە(پیشەسازی، دامەزراوەکان، ئاڕاستە و ستایلەکان، ڕکابەر).





# گرافیک دیزاینی
# ناسنامەی بینراو
ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

- لۆگۆ
- بزنسکارت
- زەرفی نامە
- لەتەرهێد
- کەڤەری دیڤیدی
- کەتەلۆگ
- فۆڵدەر

- قاڵبی پاوەرپۆینت
- پلانی ڕەنگ
- تایپۆگرافی
- ستایلی وێنە
- ڕێنامەی براند
- قاڵبی سۆشیاڵ میدیا

# نمونەی دیزاینی ناسنامەی بینراو



## گرافیک دیزاینی ڕیکلام و بازاڕدۆزی

کاتێك باسی گرافیک دیزاین دەکرێت زۆربەی خەڵک دیزاینی بازاڕدۆزی و بانگەشەی بازرگانیان بیردەکەوێتەوە، کۆمپانیاکان پشت بە هەوڵەکانیان دەبەستن بۆ بازاڕدۆزیەکی سەرکەوتوو کە بتوانێت بڕیار لای بینەری بەئامانج گیراو دروستبکات، بازاڕدۆزیەکی باش لەگەڵ خەڵک تێکەڵ دەبێت لەسەر بنەمای( ویستن، پێویستی، ورياكردنەوە، قایلکردن) دەربارەی (بەرهەمێک، خزمەتگوزارییەک، براندێک).

وە شێوازی دەرکەوتن و گرافیک دیزاین هۆکارێکی سەرەکیە لە سەرنجڕاکێشانی بینەر و کاریگەری زیاتری بانگەشە و گەیاندنی پەیام.

گرافیک دیزاینەرانی بانگەشەی بازرگانی و بازاڕدۆزی لەگەڵ خاوەن یان بەڕێوبەری پرۆژەکە و شارەزایانی بازاڕدۆزی کاردەکەن بۆ دروستکردنی بنچینەکانی ستراتیژی بازاڕدۆزی، وە دەتوانن بەتەنها کار بکەن یان تیمێکی دیزاینەر.

## کارامەیی:

دەکرێت گرافیک دیزاینەر پسپۆڕبێت لە جۆرێکی تایبەت بۆنمونە ڕیکلامی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەروەها پێویستە گرافیک دیزاینەر شارەزابێت لە گەیاندنی بینایی، چارەسەری کێشە، بەڕێوبردنی کات، ئەپەکانی (گرافیک دیزاین ، پلان، پێشکەشکردن).

هەروەها پێویستە گرافیک دیزاینەر ئاشنا بێت بە بەرهەمهێنانی چاپ و ژینگەی ئۆنلاین یاخود تایبەتمەندی دەرکەوتنی وێنە لە شاشەدا.






# گرافیک دیزاینی
# بازاڕدۆزی/ ڕیکلام
## ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

- لیستە (Menus)
- قاڵبی ئیمەیڵ بۆ بازاڕدۆزی
- ئنفۆگرافیک
- قاڵبی پاوەرپۆینت بۆ (بانگەشە) ی بازرگانی
- ڕیکلامی سۆشیاڵمیدیا و ناو وێبسایتەکان.
- پرۆشور
- فلایەر
- پۆستەر
- تابلۆی ڕیکلام
- ڕیکلامی سەر بارهەڵگرەکان
- ڕیکلامی ناو گۆڤار و ڕۆژنامە

# نموونەی دیزاینی بازاڕدۆزی/ ڕیکلام


















## گرافیک دیزاینی ڕوکاری بەکارهێنەر

ڕوکاری بەکارهێنەر UI چۆنیەتی کارلێککردنی بەکارهێنەرە لەگەڵ ئامێرێک یان بەرنامەیەک وەک (شاشە، کیبۆرد، ماوس، وێبسایت)، بەڵام دیزاینی ڕوکاری بەکارهێنەر  پرۆسەی دیزاینی ڕوکارە تاوەکو ئاسان بەکابهێنرێت وەک ( دوگمە، لیست، بزوێنەری گەڕان، ڕەنگ، تایپۆگرافی ...هتد) ، لێرەدا گرافیک دیزاینەر دەتوانێت لەبواری دیزاینی ڕوکاری بەکارهێنەر توانای خۆی بەکاربهێنێت بۆ دیزاینکردنی ڕوکارێکی  سەرنجڕاکێش و کرداری.

( پێویستە دیزاینەری ڕوکاری بەکارهێنەر هاوسەنگی لەنێوان جوانی و تەکنیکی کرداریی دیزاینەکە دروستبکات ).

## کارامەیی

دیزاینەرانی ڕوکاری بەکارهێنەر پێویستە شارەزابن لە ئەپەکانی (دێسکتۆپ، مۆبایل ، وێب، یاری... هتد) و بەشێوەیەکی  توندوتۆڵ لەگەڵ دیزاینەرانی ئەزموونی بەکارهێنەر کاربکەن و تێگەیشتن و ئاشنایەتیان هەبێت لە پرۆسەی دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنەر .






# گرافیک دیزاینی
# ڕوکاری بەکارهێنەر
## ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

- دیزاینی ڕوکاری  لاپەڕەی وێب
- دیزاینی ثیم ( وۆرپرێس، بلۆگەر ...هتد)
- ڕوکاری یاری
- ڕوکاری ئەپ

# نمونەی دیزاینی ڕوکاری بەکارهێنەر



## گرافیک دیزاینی بڵاوکراوەکان

لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆژیادا بواری بڵاوکراوەی چاپ پاشەکشەی کردووە و بلاوکراوەی ئەلەکترۆنی هاتوەتە پێشەوە، بەڵام هێشتا دیزاینی چاپ لە بەهێزیدایە! لێرەدا  گرافیک دیزاینەر شان بەشانی سەرنوسەر و بڵاوکەرەوەکان کاردەکات بۆ دروستکردنی لەیئاوت، بەکارهێنانی تایپۆگرافی، بەکارهێنانی کاری هونەری وەک:

گرافیک، فۆتۆگرافی، وێنەی ڕونکردنەوەیی

## کارامەیی:

لێرەدا گرافیک دیزاینەر پێویستە شارەزا بێت لە(ڕێکخستنی لەی ئاوت، توانای گەیاندنی پەیام بە بینەر، هەروەها  دەبێت شارەزایی تایبەتیان هەبێت لە

(ڕێکخستنی ڕەنگ، چاپ، بڵاوکراوەی ئەلەکترۆنی )







- کتێب
- ڕۆژنامە
- گۆڤار
- کەتەلۆگ
- ڕاپۆرتی ساڵانە
- ڕاپۆرتی هەواڵ
- بەڵگەنامە.

# نمونەی دیزاینی بڵاوکراوەکان














## گرافیک دیزاینی پاکەتکردن

ئەم جۆرە دیزاینە بریتییە لە ڕازاندنەوەی فیزیایی و گرافیکی بەرهەمەکان بە مەبەستی( پاراستنی بەرهەمەکە، پێشکەشکردنی بەرهەم، دروستکرنی وێنای براند،ڕەنگدانەوەی جێگای بەرهەمەکە )، بەهۆکاری ئەوەی بەرگی بەرهەمەکان هۆکاری سەرەکییە لە گۆڕینی بڕیاڕی بەکارهێنەر گرافیک دیزاینەرانی پاکێج ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە زیادکردنی فرۆش، گرافیک دیزاینەران بیرۆکە دروست دەکەن، مۆکئەپ گەشە پێدەدەن، مۆدێکی سێڕەهەندی دروستدەکەن، فایلی ئامادەکراو بۆچاپ ئامادەدەکەن، بەهۆکاری ئەوەی دیزاینی پاکێج بەریەک کەوتنی لەگەڵ زۆرێک بواری تری گرافیک دیزاین هەیە، زۆرجار دیزاینەر خۆی لە دیزاینی ناسنامەی بینراوی نیشانەی بازرگانی و وێنەی ڕونکردنەوەیی یان هەر بوارێکی تر دەبینێتەوە.

## کارامەیی:

دەکرێت گرافیک دیزاینەر پسپۆڕبێت لە جۆرێکی تایبەتی پاکێج وەک لەزگە قوتوی خواردنەوە، پیشەسازیەکی دیاریکراو وەک کەرەستەی خواردن یان یاری منداڵان
شارەزایی لە بەرنامە سریدییەکان بۆ دروستکردنی مۆدێلی سریدی بەرهەم
شارەزایی لە جۆری ماددەی پاکێج پرۆسەی چاپ و تێگەشتن لە دیزاینی پیشەسازی.






- لەیبڵ
- زەرف
- پاکەت
- قوتو

# نمونەی دیزاینی پاکەتکردن






## مۆشن گرافیک دیزاین

بە سادەیی مۆشن گرافیک کارێکی گرافیکییە کە لە حاڵەتی جوڵەدا بێت وەک: ئەنیمەیشن، دەنگ، تایپۆگرافی، وێنە و ڤیدیۆ، کاریگەری و ئیفێکت، لە هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندندا لە ئینتەرنێت بێت یاخود تەلەفزیۆن و فیلمەکان، لەم چەند ساڵەی دواییدا لەگەڵ بەرەو پێشچونی تەکنۆلۆژیادا ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی زیاتر گەشەی کردووە و بووەتە پێشەنگ.

## کارامەیی

واباشە مۆشن گرافیک دیزاینەر شارەزایی لە سکێچ و وێنەکێشان هەبێت( لەسەر کاغەزبێت یان کۆمپیتەر ) ، هەروەها پێویستە شارەزایی لە جوڵەی فیزیایی تەنەکان هەبێت تاوەکو لە کاتی دیزاینکردندا جوڵەیەکی ئارامبەخش بۆچاو دروستبکات.



# گرافیک دیزاینی
# گرافیکی جوڵاو
ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

- کورتە ڤیدیۆی دەستپێک و کۆتایی
- لۆگۆی جوڵاو
- ڤیدیۆی فێرکاری
- تیکەر و تایتڵی کەناڵەکان
- وێنەی جوڵاو
- ڤیدیۆی یاری
- ڤیدیۆی ڕیکلام
- ترەیلەر(دیمەنی کورتی فیلم).

# نموونەی دیزاینی گرافیکی جووڵاو



## هونەر و وێنەی ڕونکردنەوەیی بۆ گرافیک دیزاین

هونەری گرافیک و کاری وێنەی ڕونکردنەوەی زۆر جار وەک گرافیک دیزاین تەماشا دەکرێت، هەرچەندە وێنەی ڕونکردنەوەی و هونەری گرافیکی بەشێک نین لە گرافیک دیزاین بەڵام ئەو کاتەی لە بواری بازرگانی و چوارچێوەی گرافیک دیزایندا بەکارهێنرێت ناتوانین بڵێین بەشێک نین لە گرافیک دیزاین، پێکداچونی پیشە و بەرنامەکان وای کردووە ئاسایی بێت گرافیک دیزاینەر وەک هونەرمەندی گرافیکی و ڕونکردنەوەیی کاربکات وە بە پێچەوانەوە.

## کارامەیی:

پێویستە گرافیک دیزاینەر شارەزایی و دەستڕەنگینی لە هونەر و وێنەکێشان هەبێت، هەروەها توانای خەیاڵکردن و داهێنانی باش بێت.




## گرافیک دیزاینی
## وێنەی ڕونکردنەوەیی
## بەزۆری لەمانەدا
## بەکاردەهێنرێت:

- بەرگی کتێب
- کاریکاتێر
- تێکەڵکردنی وێنە
- پاتێرنی کوتاڵ
- دیزاینی تیشێرت
- کتێبی وێنەیی
- هونەری وێناکاری

- یارییە ڤیدیۆییەکان
- ڕۆمانی گرافیکی
- کتێبی کۆمیک
- هونەری ئەلبوم
- ئینفۆگرافیک
- وێنەی ستۆک
- ماڵپەڕەکان

## نمونەی دیزاینی هونەر و وێنەی ڕونکردنەوەیی






## گرافیک دیزاینی سێ ڕەهەندی

لەم سەردەمەدا دیزاینی گرافیکی سێڕەهەندی گرنگی زیاتری پێدەدرێت و بەنزیکی بوەتە زۆر بەکارهێنەرترین ئیفێکت لە هەموو پیشەسازیەکاندا.

دیزاینی سێ ڕەهەندی هونەرێکە تیایدا دیزاین لە هەر سێ تەوەرەی x, y , z دا دروست دەکرێت واتە تەنەکە (پانی، بەرزی، قوڵی) هەیە و بە سوڕاندنەوەی دەتوانرێت لەهەموو ڕووەکانەوە ببینرێت.


## کارامەیی:

گرافیک دیزاینەرانی سێ ڕەهەندی پێویستیان بە شارەزاییەکی تەکنیکی بەهێز و کۆمپیتەرێکی بەهێز  هەیە، هەروەها جگە لە شارەزایی فۆتۆگرافی و  زانینی کۆمەڵێک پرۆگرام پێویستیان  بە شارەزایی لە( سکێچ، ئیفێکتی ڕوناکی، ماتریاڵ ، تەکنیکەکانی ئەنیمەیشن ) هەیە.




- مۆشن گرافیکی سێ ڕەهەندی
- مۆکئەپی پاکێج
- نوسینی سێ ڕەهەندی
- هەر توخمێکی سێ ڕەهەندی

# نمونەی دیزاینی سێ ڕەهەندی



## گرافیک دیزاینی ژینگەیی

ئەم جۆرە دیزاینە بەشێوەیەکی بینایی خەڵکی بەشوێنێکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە، ئەویش لەپێناو باشترکردنی ئەزموونی گشتی بۆ ( ناسینەوە ،لەبیرنەکردن، سەرنجڕاکێشان، زانیاری بەخشین، ئاسانتر گەڕان) ی شوێنێک، گرافیک دیزاینی ژینگەیی شتێکی نوێ نییە بەڵکو چیرۆکی هەڵکەندراوی سەر دیواری ئەشکەوتەکان  بریتییە لە شێوازێکی ئەم جۆرە گرافیکە، گرافیکی ژینگەیی هێشتا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکیش بەکاردەهێندرێت تەنها بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر و دەتوانێت وەڵامی پرسیارە خودییەکان بداتەوە وەک: بەرەو کوێ دەچیت؟ ئێستا لەکوێیت، ئێمە کێین؟ تۆ کێیت؟ گرافیک دیزاینەران دەتوانن بە نەرمەکاڵاکان نمونەی دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی دیزاینەکانیان دروست بکەن و پاشان بیدەنە تەلارساز و دیزاینەری دیمەن و ...هتد.

## کارامەیی

گرافیک دیزاینەر لەگەڵ هەریەکێک لەم بوارانە کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی دیزانەکانیان لەبەر ئەوە  بەشێوەیەکی گشتی شارەزایی هەیە لە گرافیک دیزاین و تەلارسازیدا و دەبێت ئاشنا بن بە چەمکەکانی پیشەسازی هەروەها توانای خوێندنەوە و سکێتچی پلانی تەلارسازی، وە بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە دیزاینە مامەڵە لەگەڵ  بۆشایی دەکات نەک لاپەڕە  پێویستە شارەزابێت کە چۆن خەڵک لەگەڵ  بۆشایی و تەنە فیزیاییەکان تێکەڵ دەبێت.






# گرافیک دیزاینی ژینگەیی

## ئەمانە لەخۆدەگرێت:

- وێنەی سەر دیوار( mural).
- دیزاینی پێشانگا و مۆزەخانە (بۆ گوستنەوەی زانیاری بۆ بینەرانی پێشانگا.
- براندی ئۆفیس ( دیزاینکردن بە گوێرەی ڕێنامەی ستایل براند)
- نیشانە و ڕێنیشاندەری گواستنەوەی گشتی (بۆیارمەتیدانی خەڵک لە ئاسان دۆینەوەی شوێنێکی دیاریکراو).
- براندی ناو یاریگاکان.
- فرۆشگای تاکفرۆشی (Retail).
- هۆڵی بۆنە و کۆنفراسەکان.

# نمونەی دیزاینی ژینگەیی



# بی گرافیک

بی گرافیک پلاتفۆرمێکی تایبەتە بە فێرکاری گرافیک، کە کاردەکات بۆ دابینکردنی باشترین کۆرسە فێرکارییەکان بەزمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی زمانی دایک.

www.beegraphic.co

سەرچاوەیەک بۆ فێربوونی گرافیک بە زمانی دایک.